هاکان فیدان: لە هەولێر لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم کۆدبینەوە و دووپاتی پەرەپێدانی پێوەندییەکان هەردوولا دەکێنەوە

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا لەمیانەی پێشکێشکردنی وتارەکدا ئەمڕۆ یەکشەممە باسی لە سەردانەکەی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا بە بەغدا و هەولێر کرد و گوتی: لە سەردانەکەدا ئامانجمانە پێوەندییەکانمان ببەتە هەی سەقامگیریی ناوچەییی و گەشەپێدان، هەروەها ماوەیەکی درێژە ئامادەکاری بە ئەو سەردانە دەکەین و دەمانەوێت سەردانەکە بەرهەمداربێت.

هاکان فیدان ئاماژەی بەوەدا، لە پرسەکانی ئەمنی، وزە، کشتوکاڵ، ئاو، تەندروستی و پەروەردەیی چەندین کاری جیاواز هەن، لە سەردانەکەدا زیاتر لە 20 رەککەوتن واژە دەکرێن و سەردانەکە بە بەغدا و هەولێر دەبێت.

فیدان دەڵێت: تورکیا پشتگیری لە هەنگاوەکانی سوودانی بە سەقامگیری ناوچەکە و گەشەپێدان و ئووبەووبونەوەی تیرەر دەکات.

وەزیری دەرەوەی تورکیا وتیشی: "لە هەولێر لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم کۆدبینەوە و دووپاتی پاڵپشتییەکان و پەرەپێدانی پێوەندییەکان هەردوولا دەکێنەوە".